سەرۆکی کۆمار جەخت دەکاتەوەسەر گرنگی ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا دەربارەی قەیرانی ئاو

سەرۆک کۆمار عبدولهەتیف جەمال ڕەشید ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممە، جەختی لەگرنگی سازدانی ڕێککەوتنێک کرد لەگەڵ تورکیا دەربارەی ئاو.

سەرۆکایەتی کۆمار لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە: سەرۆک کۆمار ئەمڕۆ لە کۆشکی بەغداد پێشوازیکرد لە سەرۆکی هەواڵگری تورکیا ئیبڕاهیم کاڵن وشاندی یاوەری ، ڕوونیشی کردەوەکە کاڵن سڵاوی سەرۆکی تورکیای گەیاندە سەرۆک کۆماری عێڕاق، وبەهەمان شێوەش سڵاوی سەرۆک کۆمار ئاڕاستەی سەرۆکی تورکی کرا.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە`` سەرۆک کۆمار جەختیکردەوەلە گرنگی ڕاوێژکردن و هەماهەنگی لە لایەنە ئەمنیەکان بەتایبەتی لەبواری تیرۆردا.

ئاماژەشی بەوهاوبەشیانەکرد کە کۆلەبوارەکانی مێژوویی و ئابووری و بازرگانی و ڕۆشنبیریداهەیە، جەختیشی کردەوەسەر پشت بەستن بە گفتوگۆ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان.

دەربارەی قەیرانی ئاویش سەرۆک کۆمار جەختیکردەوەلە گرنگی بوونی ڕێککەوتنێک لەنێوان هەردوولا ، ئاماژەشی بەوەکرد کە ژمارەی دانیشتووان هەمیشە لەزیادبووندایە و پێداویستیەکانی ئاو

ڕۆژبەڕۆژزیاتردەبێت، هەروەها عێڕاق ڕێزلە سەروەری دۆستان و دراوسێکانی دەگرێت، و پێویستە لێکگەیشتن دەربارەی سنوورەکان بکرێت.

هەروەها سەرۆک کۆمار باسی لەو پێشێلکاریانە کرد کە بەرامبەربە شاری سلێمانی دەکرێن، کە پێویستی بە چارەسەری هەیە .

دەربارەی کێشەی فەلەستینیش سەرۆک کۆمار جەختی لەوەکردەوەکە عێڕاق پشتگیری گەلی فەلەستین دەکات لە بەرەنگاربوونەوەی هێرشی زایۆنیەکان، کەپێویستەبەزووترین کات ڕا بگیرێت.

لەلایەن خۆشیەوە کا□ن پشتگیری وڵاتەکەی بۆ سەقامگیری عێڕاق دووپاتکردەوە بەتایبەتی لەبواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا ، ڕوونیشی کردەوە کە سەرۆک کۆماری تورکیا بەنیازە سەردانی عێڕاق بکات ، هەروەها وتی وڵاتەکەی کاردەکات بۆ پەڕەپێدانی پڕۆژەکانی پێشوو کەبڕیاریان لەسەردراوە لەنێوان هەردوولا لەبوای گواستنەوەدا.